

# شێت!

کامل ژیر

لە نامەیەکیدا بە بەرواری ٢٠٠٨/٧/٢٣ بۆ بەڕێز د.شەفیق قەزاز. برای بەرێزی هاوبیرمان د. جەمال نەبەز نیگەرانە لەوەی د. فوئاد حسەین وتۆیتی: جەمال نەبەز شێتە!

قسەکە منیشی هەڵپرنگانەوەء لە خۆمم پرسی:

A: تۆ بلێی منیش شێتبم؟ بۆ نا؟ ئەی خۆ شێت، بە خۆی نازانێ کە شێتە. ئەگەر بیزانیایە، شێتە نەئەبوو.. لە سالە شێتی سەرگەورەی شێتەکانی سلێمانییان پرسی:

B: تۆ ئیستا لە کوێت؟

C: نازانم.. ئەلێن ئێرە شێتخانەیە. منیش لەناو ئەم شێتانەدا، خەریکە شێت ئەبم!

قسەکەی بەڕێز د.فوئاد حسەین لەوەی کاربەدەستانی ملهووڕی یەکێتیی سۆڤیت ئەچێ کە بەزانای گەورە د. ساخارۆفیان وت: شێت! بەڵام قسەکەی ئەم ئاو زۆر ئەکێشێ بابزانین چۆن؟

ئەوانەی وەك جەمال نەبەز و کامیل ژیر و نەبەز گۆران و ژمارەیەك نووسەریکە، بیر ئەکەنەوە و ئەنووسن، دوورنیە شێتبن چونکە ئەوانە، وەك پووش لە کا ببژێرن، ئەیانەوێ گەندەڵی لە گەندەڵستان ببژێرن! هەمیشە کەرەستەی سەربەخۆیی کوردستان ئەخەنە بازار و کریاریاننییە! باس لەیەکێتیی کورد ئەکەن و دووبەرەکی زیاترئەبێ و هەر رۆژەی بەروخسارێکەوە دەرئەکەوێ.

D:نانا، وانیە. کریاریان هەیە. ئەی لەگشتپرسییەکەدا، لەسەدا نەوەت و هەشت، دەنگیان بۆ سەربەخۆیی نەدا؟

A: با. بەڵام بەراستیان نەبوو. بەبەڵگەی ئەوەی، دەنگیان بۆ ئەوانەشدا کە عیراقی یەکگرتوو لەخوێنیانا تواوەتەوە! ئنجا ئێستا هیچ ریکخراوێکی سیاسی گەورە لە کوردستاندا نابینرێ کەسەربەخۆیی کردبێتە ئامانج و کاری بۆ بکا. ماوەیەك پەکەکە هەبوو، ئەویش گێڕی گۆری و دایەوە بە بەگ! ئیستا شتێک بەناوی پژاکەوە پەیدا بوە! هەموو رۆژێ ئیران تۆپبارانی ئەکا، کەچی ئەو هەر دەروێشی یەکێتی خاکی ئیرانە!. هەر بەو جۆرە، پارتە تەمەلەکانیکەی رۆژهەڵات کەلە باشوور پاڵیان لێداوەتەوە و مێشێک میوانیاننیە!

ئاوکێشانێکیکەی قسەکەی د.فوئاد حسین، ئەشێ ئەوەبێ کە وەك ئەو لادێیەی بەسەر هاتبێ کە بۆ یەکەم جار هاتە شار و سەری لە نوقڵفرۆشییەک سورما، چونکە لەنوقڵەکانی نەئەخوارد. لادییش بەگشتی تامەزرۆی نوقڵن. سەرەتا وایزانی دوکاندارەکە چاوی کوێرە، بۆیە دوو پەنجەی بۆ چاوی درێژکرد تا دڵنیابێ لەبۆچوونەکەی و لەئەنجامدا بووبە مشت و مڕ:

E: ئەوە چیتە کابرا؟! ناتەوێ چاوم کوێرکەی؟

F: نا، ویستم بزانم چاوت ئەبینێ وا هیچ لەو هەموو نوقڵە ناخۆی؟!

E: بەڵێ چاوم ئەبینێ!

F: کەواتە تۆ شێتیت!

د. حسەینیش ئەبینێ نەبەز و ئەوانەی وەك نەبەز بیرئەکەنەوە، لەو هەموو دۆلارەی لە میللەت ئەدزرێ، دەس بۆ یەك دۆلاری نارەوا نابەن، ناچنە ناو هیچ کام لە یانەکانی رۆلێتی پارتییە زلەکانەوە تا جارێک قومارەکە بیگرێ و یەکی چەندین تەلار و بازاری پێدروستکەن، ئەبێ شێتبن چونکە نەجاشێتیان کردوە و نەفایلیان هەبوە، لەترسی ئەوەی نەوەك پرژێکی ماستیان بەرکەوێ، ماستاوچێتی ناکەن، ئەو هەموو پلە و پایەیە بەسەر دەستەپاچەکاندا ئەبەخشرێتەوە و ئەوانی دەسرەنگین خۆیان کەنارگرتوە، بەبێ فەرمانێکی فەرمی خۆیان کردۆتە لیژنەی چاکسازی و پاکسازی! بۆیە دکتۆرە ئاقڵەکە بەشێتان ئەزانێ!

G: وانیە، ئەوەتا ئەوانیش دیوانی چاودێریی داراییان داناوە بۆ پاکسازی. سەرۆکەکەشیان شێت نیە.

A: وایە. بەڵام ئەوە بزانە کە رەفەی وەزارەتەکان پڕبوون لەراپۆرتەکانی ئەوان و خۆڵیان لەسەرنیشتوە. سەرۆکەکەشیان وەك جەوامێرێک تاقە خانوویەکی هەبوو، ئەویشی بەخشی، بۆ ئەوەی دوای خۆی، بکرێتە خەستەخانەیەکی خنجیلانە بۆ منداڵە چاوجوانەکانی گردی سەرچنار لە سلێمانی. کەچی من لەئێستاوە خەمی ئەوە دایگرتووم، ئەو خانووە ئێسکسووکە، گەمژەیەك ملهووڕانە، دەسی بەسەرا بگرێ و بیکاتە رابواردنگەیەکی نەشمیلانە! وەك ئەوانەی ئێستا رابەرە داوێنپاکەکان هەیانە. بریا لەجیاتی ئەوانە، بکرایە بە شێتخانە، وەك ناوەندێکی رۆشنبیری هاوچەرخانە، بۆ قەڵەمە شێتەکان، بەو هیوایەی لەئایندەدا ئەوان، ببنە سوارچاکی مەیدان، بۆ رادانی گەندەڵکاران.

I: تۆ بەجارێ ئاوی رەشت هێنایەوە! ئەی ئەوەنیە ئەوانیش، جار جار، ئەڵێن: سەربەخۆیی مافێکی رەوای کوردە؟

A: هەموویاننا. ئەوانەشی جارجار ئەو قسەیە لە پیلکەیان دەرئەچێ، کردەوەکانیان، پێچەوانەی ئەو قسەیەیە، بەبەڵگەی ئەوەی:

ڕ- چەندین جار هەلی سەربەخۆیی و کەرکوك و هاوناوچەکانی کەرکوکیان گۆڕییەوە بە سەربەخۆیی گیرفان.

ب- بەدەستی خۆیان زیندانە گەورەکەی عێراقی یەکگرتوویان دروستکردەوە و بە پێی خۆیان چوونەوە ناوی.

ج- کورد ئەڵێ: ئەگەر جارێک هەڵتخەڵەتاندم، خوا بتگرێ. ئەگەر بوو بە دوو، خوا خۆم بگرێ. خەڵەتاندنی ئەوان، یا خۆهەڵخەڵەتانی خۆیان، یا خەڵەتاندنی میللەتەکەی خۆیان، لە ژمارە نایەت! دەئیتر بیبرەوە، بابەتۆش نەڵێن: شێت!!

با قسەیەکیش بۆ دز بکەین: هەندێ لەیەکچوون لە نێوان شێتە کلاسیکییەکان و شێتە قەڵەم بەدەستەکاندا هەیە. لەوانە:

١- ئەوان لەناو میللەتا کەمینەن. ئەمانیش هەروان.

٢- کەس گوێ لە قسەی ئەوان ناگرێ ئەگەرچی فەیلەسووفی وەك ئەحەی جاویشیان تێدا بووە. ئەمانیش هەر بەوجۆرە و ئەوەتا یاوەك سۆران مامە حەمە ئەکوژرێن، یا وەك نەبەز ئەکرێن بە شێت!

٣- ئەوان لەبانگەوازێکی جۆری: (ئەی شێتەکانی جیهان یەکگرن) تێناگەن. ئەمانیش هەر یەکەو کەوتونەتە کونجێکی جیهانەوە و نەلە کوردستان و

نەلە هەندەران یەك ناگرن، یا هیچ نەبێ رێکخراوێکیش بە ناوی (یەکێتی شێتەکانی کوردستان) ەوە دروستناکەن! دروستیشی بکەن گەندەڵکارێکیان لێ پەیدائەبێ و ئەڵێ: مۆڵەت نادرێ بە شێت!

**تۆ بڵێی ئەم ئاشە هەروا بگەڕێ؟!**